

# ئافرەتێک لە ماڵی داڵدەدانی ئافرەتانی هەڕەشە لێکراو دەردەکرێ



ئافرەتێک وێڕای ئەوەی هەڕەشەی کوشتنی لەسەرەو جێگەو ڕێگەی مانەوەشی نییە، ماوەی چەند ڕۆژێکە لە ماڵی داڵدەدانی ئافرەتانی هەڕەشە لێکراو دەرکراوە، بەڕێوەبەری بەدواداچوونی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان هەواڵەکە پشتراست دەکاتەوە، بەڕێوەبەری پەیمانگەی یەکێتی ئافرەتانی کوردستانیش داوادەکات شەخسی وەزیر لەو کەیسە بکۆڵێتەوە بۆئەوەی پارێزگاری لەژیانی بکرێت.

### نهێنییەکانی ژیانی و چۆنیەتی دەرکردنی لەماڵی داڵدەدانی ئافرەتانی هەڕەشە لێکراو

بەیان تەمەنی لەسەرووی چلساڵەو ئاماژە بەوە دەکات کە بە هۆکارێکی کۆمەڵایەتی بۆ ماوەیەك لە ماڵی داڵدەدانی ئافرەتانی هەڕەشە لێکراو پەنا دراوەو جەختیش لەوە دەکاتەوە کە لەم ڕۆژانەدا بەبێ ویستی خۆی لەو ماڵە دەرکراوە. ئەو بە نیگەرانییەکی زۆرەوە نهێنییەکانی ژیانی و چۆنیەتی دەرکردنی لە ماڵی داڵدەدانی ئافرەتانی هەڕەشە لێکراو بەمجۆرە بۆ گوڵان دەخاتەڕوو:

«دوای مردنی مێردەکەم ماڵی بابم نەیانهێشت پێنج منداڵەکەی خۆم بەخێوبکەم، بەزۆر منیان بە پارەیەکی زۆر بەمێرد داوە، هێندەی نەبرد کوڕە گەورەکەم بەر تەقینەوە کەوت، بێئەوەی دوای مێردکردنەوەم جارێکیش بیبینم، منیش جەرگم سووتاو لەسەر ئەوە دڵم لە کەسوکارەکەم شکاو هاتوچۆیانم نەدەکرد، جگە لەوەی پیاوەکەم زۆر زۆر خراپ بوو، تەنیا بەقسە ژنی ئەو پیاوە بووم و حیسابی خزمەتکارێکیشی بۆم نەدەکرد، ژن و کۆمەڵێك منداڵی گەورەشی هەبوو، ماڵە خەزوورانم لەناو یەکتریش کێشەیان زۆر بوو، هەڕەشەی کوشتنی من و مێردەکەشم دەکرا، منیش بەهۆی ئەوەی لەگەڵ ماڵی بابم پەیوەندیم نەمابوو، لەڕێگەی بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوونی توندوتیژی دووساڵ پێش ئێستا چوومە شەڵتەر و دوای سێ ڕۆژ لە هەڵاتنی من، یەکێك لە کوڕەکانی مێردەکەم بابی خۆی کوشت، ئەوکات بەهارخان بەڕێوەبەر بوو، هەتا ئێستا گلەییم لە بەهارخان نییە، چونکە بەڕێوەبەرێکی زۆر ڕێکوپێك بوو، زۆر ڕێزی لێدەگرتم و متمانەی تەواویان پێم هەبوو، تائەو رادەیەی کە کامە کەیس قورس بوو، بەمنیان دەسپارد، دەرمانی نەخۆشەکان من دابەشم دەکرد، بە جەرگسووتاوی شەو تابەیانی خزمەت و چاودێری ئافرەتەکانم دەکرد».

ئافرەتە دەرکراوەکە:

**براکانم بە تەلەفۆن هەڕەشەی کوشتنم دەکەن و شەڵتەریش بەبێ پارە ئاوارەی جادەیان کردم**

بەڕێوەبەری بەدواداچوونی توندوتیژی دژ بەئافرەتان:

**کەس ناتوانێ بەزۆر پەنجەمۆر بە کەس بکات، هەرکاتێکیش بیەوێ دەتوانێ بۆ شەڵتەر بگەڕێتەوە**

بەڕێوەبەری پەیمانگەی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان:

**پێویستە جەنابی وەزیر خۆی لەو کەیسە بکۆڵێتەوەو ئەو ئافرەتە پارێزگاری لەژیانی بکرێت**

### تەنیا عەیبم ئەوە بوو پارێزگاریم لەگیان و شەرەفی ئافرەتانی ناو شەڵتەر دەکرد

بەیان کاتێك باسی کوڕەکەی دەکرد کە بە هۆی تەقینەوەیەکی تیرۆریستان کوژراوە، دەنگی دەلەرزی و فرمێسکەکانی بە سەر گۆنایدا دەهاتە خوارێ، دوای ئەوەی فرمێسکەکانی سڕییەوە، باسی ئەوەی کرد کە لە شەڵتەر بە هۆی دڵسۆزییەکانی کراوەتە چاودێری شەوانە و چوار مانگ مووچەیان پێداوە، ئەو بە خەمبارییەکەی زۆرەوە بەمجۆرە درێژەی بە قسەکانی دا:

«من چێشتم بۆ پەنجا کەس دروستدەکرد، زۆر دڵسۆزانە کارم دەکرد. تەنانەت د.عارف حیتۆ لە ڕۆژی جیهانی ئافرەتان خەڵاتی ڕێزلێنانی پێشکەشکردم و هەمیشە دەیگوت تۆ دایکە شەهیدی و تاجی سەری ئێمەی، بەڵام کاتێك ستافی نوێ هاتن، ستافی کۆنیان هەموو دەرکرد، منیش یەکێك بووم لەوان، ئەو بەڕێوەبەرەش کە دوای بەهارخان هات، بە ماوەی یەك مانگ بەدەریان نا، سەرەتای مانگی نیسان بوو، بەڕێوەبەری نوێ بانگی کردم و گوتی: بڕۆ بۆ لای رۆزەخان کە بەڕێوەبەری گشتی چاودێری کۆمەڵایەتییە، کە چووم نەیانهێشت بیبینم، نەفەرێك کە ناوی حاجی کامەرانە بە ئسلوبێکی زۆر ناشیرین گوتی: تۆ جێگەت لە شەڵتەر نەماوەو دەبێ بڕۆی، منیش گەڕامەوە شەڵتەر، دەستمدایە جانتاکەم بۆ ئەوەی بڕۆم، بەڵام گوتیان هەتا پەنجەمۆر نەکەی، نابێ بڕۆی، گوتم: من پەنجەمۆر ناکەم، چونکە بە زۆر دەرم دەکەن، ئەوەبوو ماوەی دوو رۆژ منیان لەشەڵتەر حجز کرد، دواجار نەقیب ژیلەمۆ هات و بەزۆر پەنجەمۆری پێکردم، گوتم: پارەم پێ نییە، با مووچەکەم وەربگرم، ئینجا دەڕۆم، بەڵام قبووڵی نەکرد و گوتی: کەی مووچە هات، وەرە وەری بگرە، ئەوە بوو بەبێ ئەوەی مووچەکەم وەربگرم و بەبێ پارە دەریان کردم، لەکاتێکدا من هەڕەشەی کەسوکارم لەسەرەو لەلایەکی دیکەوە هیچ جێگەیەکم نییە و کەوتوومەتە سەرجادە، براکانم تەلەفۆنم بۆ دەکەن و دەڵێن: لەهەر جێگەیەك بتبینین دەتکوژین، بۆیە لەهەر جێگەیەك نینۆکم بەخوێن بێ، نە لە رۆزە خان و نە لە حاجی کامەران و نە لە تاڤگەخان و نە لە نەقیب ژیلەمۆ خۆش نابم، پاشان شەڵتەرماڵی حکومەتەو ماڵی بابی کەس نییە، منیش تەنیا عەیبم ئەوە بوو کە پارێزگاریم لەگیان و شەرەفی ئافرەتانی ناو شەڵتەر دەکرد».

### پێویستە لەسەر ئاستی وەزیر لێکۆڵینەوە لەو حاڵەتە بکرێ

مهاباد قەرەداغی بەڕێوەبەری پەیمانگەی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان بۆ پرسە کۆمەڵایەتییەکان، سەبارەت بەو کێشەیە بۆ گوڵان گوتی «دیارە شەڵتەر بۆ ئەوە دروستکراوە کە پارێزگاری لە ژیانی ئەو ئافرەتانە بکات، کە مەترسی کوشتنیان لەسەرە، بەیانیش کە وەك کەیسێك هاتۆتە شەڵتەر لەبەر هەمان هۆکار بووەو مەترسی لەسەر ژیانی هەبووە، ئەو مەترسییەش تاوەکو ئێستا لەسەر ژیانی بەردەوامە، ئێمەش ئاگادارکراینەتەوە کە ئەو ئافرەتە بەزۆر ئیمزای پێکراوە و لە شەڵتەر دەرکراوە، بەڵام چەندین حاڵەتی دیکەی وەها هەبووە، کە بە تەعەهود و ئیمزای خۆی چووەتە دەرەوە، کەچی دوایی لەلایەن کەسوکارییەوە کوژراوە، ئەگەر بەیان هەر شتێکی بەسەربێت، ئەوا بە پلەی یەکەم بەڕێوەبەرانی شەڵتەر و ئەوانەی کە ئیمزایان بەزۆر پێکردووە هەروەها خودی ئەو وەزارەتەی کە لەو شەڵتەرە بەرپرسیارە، بەرپرسیار دەبن، بەپێویستی دەزانم وەزارەت لەسەر ئاستی وەزیر لێکۆڵینەوە لەو حاڵەتە بکەن و ئەو ئافرەتە بگەڕێندرێتەوە بۆ شەڵتەر، چونکە ئەو ئافرەتە جگە لەوەی وەك کەیسێك لەوێ بووە، لەهەمان کاتیشدا بەپێی ئەو زانیارییانەی کە لەسەر ئەو ئافرەتە هەمانە، بەدیارکەوتووە کە کەسێکی گونجاو بووە بۆ بەڕێوەبردنی شەڵتەرەکەو ڕاگرتنی بەشێوەیەکی ڕێکوپێك وەکو فەرمانبەرێك بووە و وەکو ماڵی خۆی پارێزگاری لێکردووە، من وەك چالاکوانێکی مەسەلەی ئافرەتان و بەڕێوەبەری پەیمانگەی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان بۆ پرسە کۆمەڵایەتییەکان، ئەو بەرپرسیارێتییە دەخەمە ئەستۆی ئەو وەزارەتەی کە بەرپرسە لەو شەڵتەرە، ئەگەرنا ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی پێویستە لەسەر ئەو کەیسە بێنە دەنگ، بۆ ئەوەی وەك ئەو دۆخەی لێ نەیەت کە لەکەلار روویدا کە ئافرەتێك لەشەڵتەر هێندرایە دەرەوە و دواتر کوژرا، بۆ ئەوەی ئەوەش بەدەردی ئەو حاڵەتانە نەچێت، پێویستە بەزووترین کات وەزارەت بەرپرسیارێتی لەئەستۆ بگرێت و خودی جەنابی وەزیر لەم کەیسە بکۆڵێتەوەو ئەو ئافرەتە بە کەرامەتی خۆی بگەڕێندرێتەوە و پارێزگاری لەژیانی بکرێت».

### هەرکاتێك بیەوێ دەتوانێ بۆ شەڵتەر بگەڕێتەوە

لەلای خۆیەوە رائید ژیلەمۆ بەڕێوەبەری بەدواداچوونی توندوتیژی دژ بەئافرەتان، سەبارەت بە هەمان پرس گوتی: کەس ناتوانێ بەزۆر پەنجەمۆر بە کەس بکات، دەشتوانن هۆکارەکانی لە وەزارەتی کار بپرسن، چونکە شەڵتەر عایدی ئێمە نییە، ئەو ئافرەتە وەکو کەیس چۆتە شەڵتەر لەبەر ئەوەی کەسێکی باش بووە، بەگرێبەست کراوەتە چاودێر و مووچەشی پێدراوە، کاتێك بەڕێوەبەری شەڵتەر گۆڕاوە، سیستەمی شەڵتەرەکەشیان گۆڕیوە، چاودێرێکیان لەدەرەوە هێناوەو بەو ئافرەتەشیان وتووە تۆ وەکو کەیسێك بۆت هەیە لێرە بمێنیتەوە، بەڵام ئەو رازی نەبووە، لەبەر ئەوەی ئەو ئافرەتە بە نووسراوی ئێمە چووبووە شەڵتەر، دەبێ بە ئاگاداری ئێمەش دەربچێت، بۆ ئەوەی ئەگەر خوانەخواستە شتێکی لێهات، ئێمە بەرپرس نەبین، هەرکاتێکیش بیەوێ دەتوانێ بگەڕێتەوە بۆ شەڵتەر، شەڵتەر ماڵی حکومەتە و ماڵی کەس نییە، ئەگەر حەز دەکات ئێستا بێت من دەینێرمەوە شەڵتەر، وردەکارییەکانیش دەتوانن لە وەزارەتی کار بپرسن».

بۆ بەدواداچوونی ئەو کێشەیە گوڵان پەیوەندی بە رۆزە عەبدوڵڵا بەڕێوەبەری گشتی چاودێری کۆمەڵایەتییەوە کرد، بەڵام ئامادە نەبوو لەسەر ئەو بابەتە قسە بکات.

بۆ بەدواداچوونی ئەو کێشەیە د. رۆزە عەبدوڵڵا بەڕێوەبەری گشتی چاودێری کۆمەڵایەتیی بۆ گوڵان دەڵێت : ماڵی

دالّدەدانی هەڕەشـــەلێکراو بۆ ئافرەتانە دامەزراون کەلە ژێر هەڕەشەی کوشـــتندان، ژیانیان لەمەترسیدایە شوێنی تریان نییـــە، ئەمەش ئەرکی ئێمەیە وەك حکومەت کە ژیانی ئەم ئافرەتە بپارێزێت جێگەی بکەینەوە، لێرەش بە هەماهەنگی دادگاو بەڕێوەبەرایەتـــی توندوتیژی دژ بەئافرەتان دادوەرەوە کار لەســـەر ئەو کێشـــانە دەکەین و هاوکاری ئەو ئافرەتانە دەکەیـــن بۆ پاراســـتنی ژیانیان. لە رووی یاســـاوە ئەگەر ئافرەتێك هەڕەشـــەی کوشتنی لەسەر بووە، ئەوە نەبەقسەی منە نە بەقسەی کەسێکی تر دادگا فایلێکی بۆ دەکاتەوەو ئەگەر ئافرەتەکەش هەڕەشەی کوشتنی لەسەر نەماو هیچ کێشـــەیەکی نەما ئـــەو کاتیش هـــەر دادگا فایلەکەی بە گوێرەی یاســـا دادەخات . ئەو کات ئافرەتە کە پێویســـتە شـــوێنی دالّدە دان جێبهێڵێت، بـــەڵام بە مەرجێك ئافرەتەکە خۆی بڵێت هیچ گرفتێکم نەماوە . ئەو کات بەپێی یاســـا و بـــە واژووی دادوەرەکەو پەنجە مـــۆری خۆی ئافرەتەکە شوێنی دالّدەدان بەجێدەهێڵێت .

ســـەبارەت بەوە ئافرەتەی کە لە دالّدەدانی ئافرەتان دەرکراوە د. رۆزە ووتی «لەرووی یاســـاوە هیـــچ گرفتێکی نەماوە بەپێی یاســـا و واژووی دادوەرەکان و پەنجەمۆری خۆشی وەرگیراوە و دەڵێت «من هیچ کێشـــەیەکم نەماوە بەئازادی خۆم دەڕۆم و خەڵکانێك هەیە دەڕۆم لەگەڵیاندا دەژیم، جگە لەمەش ناوی چەندماڵێکی تریشی ووتووە کە ئەو دەتوانێت بچێتە ماڵیان و هیچ کێشەیەکی نییە». لەبارەی ئەوەی کە دەڵێ بەزۆر دەرکراوم و هەڕەشەم لەسەرە، (د. رۆزە ) دەڵێت: راستە پیشتر هەڕەشەی لەسەر بووە، بەڵام ساڵانێکی زۆری بەسەردا رۆیشتووە و هیچ هەڕەشـــەیەکی لەسەر نەماوە و کێشـــەکەی چارەسەربووە، بە پێی یاسا رۆیشتووە بەڵگەمان لایە کەپەنجەمۆری کردیە نووســـراوی نووســـیوە و دادوەرو بەرێوبەراتی توندوتیژیش ئاگادارن کەهیچ کێشـــەکیەکی نەماوە. ئەو شـــوێنەی بۆ نەهێشتی توندوتیژی بێت چۆن دەتوانیت توندوتیژی بەرامبەر بەو کەســـە بکەیت وەهای لییێکەیت بروات.


د. رۆزە ئەوەشـــدەخاتەروو، کە ئێســـتاش ئەگەر کێشـــە و گرفتـــی هەیە هەڕەشـــەی لێدەکرێت، ئەوا با ســـەردانمان بکات بۆ ئەوەی فایلی نوێی بۆبکەینەوە تاکو کێشـــەکەی چارەســـەربکەین، دەرگامان کراوەیە نەك هـــەر بۆ ئەو بۆ هەمـــوو ئافرەتانەی ژیانیان لە مەترســـیدایە، بەڵام ئەگەر بیەوێـــت بەناوێکی تر یان بۆ هەر مەبەســـتێکی ترەوە بێت ئەوا لێی قبوڵناکەین، چونکە لەبەر ڕەوشی ئەو ئافرەتانەی لەوێن ولەبەر سیســـتەمی کارکردنی ئەو شـــوێنە کە چەند ســـتافێکی ئیداری و توێژەرانی و کۆمەڵایەتی ودەروونی پێکهاتووە و ئەو ئافرەتانەی کەیســـن لەوێ لەگەڵ خودی دادوەرەکان و خـــودی ســـتافی بەرێوبەرایەتی توندوتیژی ئەوەنـــدەی لێدەرچێـــت ناوێکی ترمان نیـــە ئافرەت لەوێ دامەزرێنین یاخود کاری پێبکەین .

**تێبینـــی:** ناوی ئـــەم ئافرەتە خـــوازراوەو ناوەکەی لەلایەن گۆڤاری گوڵانەوە پارێزراوە .



مهاباد قەرەداغی:

## دەبێت ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لەسەر ئەو کەیسە بێنەدەنگ، بۆ ئەوەی وەک ئەو دۆخەی لێ نەیەت کە لەکەلار روویدا کە ئافرەتێک لەشەڵتەر هێندرایە دەرەوە و دواتر کوژرا



بەڕێوەبەری گشتی چاودێری کۆمەڵایەتیی:

## لە رووی یاساوە هەر ئافرەتێک هەڕەشەی کوشتنی لەسەر بێت دادگا خۆی فایلێکی بۆ دەکاتەووە هەر کاتێکیش کێشەی نەما خۆی فایلەکەی دادەخات، ئەو دبێت ئافرەتە کە شوێنی دالّدە دان جێبهێڵێت

# بکوژانی ئافرەت لە هەموو لێبوردنێکی گشتی بێبەش دەکرێن

**بەپێی ئامارەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان لەدوو مانگی (١و٢)ی ساڵی (٢٠١٣) لە پارێزگاکانی هەولێر، سلێمانی، دهۆک و گەرمیان ١٣ ئافرەت کوژراون. سەرۆکی لیژنەی ئەوقاف و کاروباری ئایینی لەپەرلەمانی کوردستانیش جەخت لەوە دەکاتەوە کە نابێت بەهیچ شێوەیەک بکوژانی ئافرەت سزایان بۆ سووک بکرێت.**

**لە دوو رۆژدا دوو ئافرەت بەدەستی هاوسەرەکانیان کوژران**

سەرەڕای هەبوونی دەیان یاسای گشتگیر لەبەرژەوەندی مافەکانی ئافرەت و گرتنەبەری رێوشوێنی گونجاو و بەرنامەی تۆکمە بۆ کەمکردنەوەی دیاردەی توندوتیژی، کەچی رۆژانە لێرە و لەوێ گوێبیستی کوشتنی ئافرەت بەدەستی باوك و برا و هاوسەر دەبین، ئەوەش بۆتە مایەی نیگەرانی تاك و رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ، لەشاری هەولێریش لەماوەی دوو رۆژدا دوو ئافرەت بەدەستی هاوسەرەکانیان کوژران.

**رووداوی یەکەم:**

(م)ی تەمەن ٤٣ ساڵ ئافرەتی ماڵەوەو دایکی پێنچ منداڵ بوو کە لە ٢/٢٨ لە گەڕەکی تەیراوەی هەولێر بەدەستی مێردەکەی کوژرا؟ (خ) دایکی کوژراوەکە بەمجۆرە رووداوەکە باس دەکات: «من داواکاری یاسایی لەسەر زاوایەکەم تۆمار دەکەم و لە حکومەت داواکارم بەزووترین کات بیدۆزنەوەو سزای بدەن، ماوەی ١٥ ساڵە ئەو کچەم داوەتە ئەو پیاوە، ئەو پیاوەی بەناهەق جەرگی سووتاندم و پێنچ منداڵیشی بێ دایك کرد، ئێمە لەهەمان گەڕەکین پێش مەغریب بوو لە کۆڵانەکەی ماڵی (م)، بوو بە دەنگەدەنگ، کە چووم دیتم لەگەڵ ماڵە دراوسێیەك منداڵەکان شەڕیان کردووە، کوڕە گەورەکەی (م) تەلەفۆنی بۆ باوکی کرد، وتم: فەرمان تەلەفۆن مەکە، نەوەك بابت بێتەوە، دایکت دەکوژێ، وتی: با بیکوژێ، لەپڕ زاواکەمان هاتەوە و سیلاحی سوار کردو ویستی (م) بکوژێ، (م)غاریدا حەوشەی ماڵی شووبراکەی کە بەرامبەریان بوو، بەڵام کەوتە دوای و لە حەوشەی ئەوان سێ گوللەی لێدا و دووبارە گەڕایەوە سەری بزانێ ماوە تاوەکو زیاتری لێبدات، لەم کاتەدا ژنی شووبراکەی بەجنێودان دەری کردە دەرەوە».

بە وتەی بەڕێوەبەرایەتی نەهێشتنی تاوان بکوژ تاوەکو ئێستا دەستگیر نەکراوەو فەرمانی گرتنیشی لە هەموو شوێنێك بۆ دەرکراوە، هەندێ سەرچاوەی نارۆشن دەڵێن گوایە لە ماڵە ئاغایەك کە خزمی خۆیەتی داڵدە دراوە.

**رووداوی دووەم:**

(ب)ی تەمەنی ٢٣ ساڵەو لە ٢/٣٠ لە گەڕەکی نەورۆز بەهەمان شێوە بەدەستی مێردەکەی (هـ) تەمەن ٢٧ ساڵ) کوژرا، بەپێی زانیارییەکان (ب) دایکی دوو منداڵە و بچووکەکەیان شیرەخۆرەیە، (هـ) و (ب) زۆرجار کێشەیان هەبووە، بەڵام زوو ئاشت بوونەتەوە و بەبێ یەکتر نەحەوانەتەوە، بەڵام بەیانییەك دراوسێکەیان بە دەنگی گوللە خەبەریان دەبێتەوە، کە دەگەنە سەر رووداوەکە دەبینن (ب) لەخوێندا گەوزاوەو گوللەیەك بەر ملی کەوتووە و منداڵەکان دەزریکێنن، ئێستا (هـ) دەستگیرکراوەو بەحوکمی ئەوەی چەکداربووە، لە ئیفادەکەیدا ئەو رووداوەی بە قەزاوقەدەر لەقەڵەم داوەو وتوویەتی: گوللە لەدەستم دەرچووە، بەڵام کەسوکاری (ب) پێیانوایە کوشتنەکە بە ئەنقەست بووە، لەبەر ئەوەی ئەو دوو هاوسەرە کێشەی ئەوەیان هەبووە، کە (ب) میراتی ماڵی باوکی وەرنەگرتووەو (هـ)یش زۆری لێکردووە میراتەکە وەربگرێ.

عزەدین عەبدوڵلا یاسین راوێژکاری یاسایی لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان هێما بۆ ئەوە دەکات کە کوشتنی ئافرەتان لە هەرێمی کوردستان لەماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا بەشێوەیەك سەری هەڵداوە کە بۆتە جێگەی سەرنجی رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ لەناوخۆ و دەرەوە، وتیشی: «ئەم بابەتە زۆر نامۆیە بە دابونەریت و کەلتووری کوردستان، چونکە ئافرەتان



هەمیشە پێگەی تایبەتی خۆیان هەبووە لەناو خێزان و پاڵپشت و هاوکاری براو هاوسـەرو باوکانیان بوون لەسەرپەرشـتی و ڕێکخسـتنی خێزان، کەچی ئێستا کوشـتنی ئافرەتان کە لەلایەن کـەس و کاریانەوە بەبیانـووی ئابڕووپارێزی خێزان و هۆزەکەیان، بەمەبەسـت ئەنجـام دەدرێت، ئەوەش لەڕووی یاسـاییەوە بە کردەوەیەکی بەئەنقەست دادەنرێت، بەداخـەوە زۆرجار چەند کەسـێك لەخێزانەکە یاخود خزمە نزیکەکانـی ئافرەتەکـە ڕێکدەکەون لەسـەر ئەنجامدانی ئـەم تاوانە و بەرنامەڕێژی بۆ دەکـەن، بەڵام لە هەرێمی کوردستان خۆشبەختانە یاساکانی پەیوەندیدار بە کوشتن و بەتایبەتی کوشتنی ئافرەتان هەمووارکراوەتەوەو بەشێوەیەکە ئەنجامدەرانی ئەم تاوانە جگە لە سزای توند لە لێبوردنی گشتی و سووککردنی سزاکانشیان بێبەشکراون».

**لە یاساکانی ئاسمانیش بەهیچ شێوەیەك ڕێگە بە کوشتنی ئافرەت نەدراوە**

ئـەو ڕاوێـژکارە یاسـاییەی بەڕێوەبەرایەتی گشـتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان بەپێویسـتی زانی چەند یاسـایەك بخاتەڕوو کە لەبەرامبەر کوشـتنی ئافرەتان هەموار کراونەتەوە، لەوانە:

١- یاسای ژمارە (١٤)ی ساڵی (٢٠٠٢)

ئەنجامدانی تاوان لـە دژی ئافرەت بە بیانووی پاڵنەری ئابڕووپارێزی بە بەهانەی یاسایی دانانرێت بۆ سووککردنی سـزا بۆ مەبەسـتەکانی جێبەجێکردنـی دادکارییەکانی ماددەکانی (١٢٨ و ١٣٠ و ١٣١) لە یاسـای سـزادانی عێراقی ژمارە (١١١)ی ساڵی (١٩٦٩)هەموارکراو.

٢- یاسای ژمارە (٤٣) ی ساڵی (٢٠٠٤)

ڕاگرتنی جێبەجێکردنی ئەو سزایەی لە ماددەی (١٤٤) لە یاسای سزادانی عێراقی ژمارە (١١١)ی ساڵی (١٩٦٩) هەموارکراو هاتووە، پیادە ناکرێت لەسـەر ئەو تاوانانەی لە دژی ئافرەتی بەشوو ئەنجام دەدرێت.

٣- لە یاسـای لێبوردنی گشتی لە هەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە (٤)ی ساڵی (٢٠٠٧)

لە مـاددەی (٧) هاتـووە دادکارییەکانـی ماددەکانی (١و٢و٤و٥) لـە یاسـاکە پیـادە ناکرێت، لەسـەر ئەو حوکمدراوانەی ڕاهاتـوون و ئەنجامدەرانی ئەم تاوانانەی لای خوارەوە لە بڕگەی (١١) هاتووە (کوشتن بە بیانووی پاڵنەری ئابڕووپارێزی).

٤- لە یاسـای لێبوردنی گشـتی لە هەرێمی کوردستان عێـراق ژمارە (٢)ی سـاڵی (٢٠١٢) لە ماددەی ( ٦) بڕگـەی (٩) هاتووە ئەنجامدەرانی ئـەم تاوانانەی لای خوارەوە یاساکە نایانگرێتەوە (کوشتن بە بیانووی ئابڕووپارێزی).

جگە لەو یاسایانەی لای سەرەوە لە یاسای سـزادانی عـێراقـی ژمارە (١١١) ی سـاڵی (١٩٦٩)ی هەموار کراو سـزا دیاری کراوە بۆ تاوانەکانی کوشتن بە گوێرەی بارودۆخی ئەنجامدانی تاوانەکە. لەبەر ئەوەی ئەم تاوانە بە مەبەست ئەنجام دەدرێت، بۆیە بە کوشـتنی بە ئەنقەست دادەنرێت و تاوانی کوشـتن جگە لە یاسـا دانراوەکان لە یاساکانی ئاسمانییش بە هیچ شـێوەیەك ڕێگەی پێ نەدراوە، بۆیە بەڕێوەبەرایەتیەکانـی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان بەدواداچوونی تەواو بۆ تاوانی کوشتنی ئافرەتان بە بیانووی ئابڕووپارێزی یاخود هەر بیانوویەکی دی دەکات و دۆسیەی تایبەتی بۆ دەکرێتەوە، هەروەها داوا دەکرێت کە ئەنجامدەرانی تاوانەکە ڕووبەڕووی یاسا بکرێنەوە.

**بکوژانی ئافرەت دەبێت بە توندی سزای تاوانەکەیان وەربگرن**

د.بەشـیر خەلیل حەدداد سـەرۆکی لیژنـەی ئەوقاف و کاروباری ئایینی لەپەرلەمانی کوردسـتان و مامۆستای ئایینی، سـەبارەت بە هەمان پرس بۆ گوڵان وتی «بەپێی یاسای پەرلەمان هەتا ئەگەر لەسەر شەرەف و نامووسیش کەسـێك ئافرەتێکی کوشـتبێت، ئەوە هیچ دادی نادات و دەبێت وەکو قاتڵ حیسابی لەگەڵ بکرێت. بەڵام ئەگەر بە عەمدی نەبێت و لەدەست دەرچوونی گوللە بێت، پێیدەگوترێت کوشـتنی ناقەست و هەڵە، کە لە یاسـا و شەریعەتیشدا سـزاکەی سووکترە، ئەویش ئەگەر لە لێکۆڵینەوە دەرکەوت کە راسـت دەکات و لەدەستی دەرچووە، ئەوا وەکو کوشتنی خەتەئی بۆی حیسـاب دەکرێت، بەڵام ئەگەر بەئەنقەست کوشتبێتی حیسابەکەی جیاوازە و ئەو مەسەلەیە لە دادگا یەکلایی دەکرێتەوە کە بەڕاستی کوشتوویەتی، یان بە هەڵە بووە، هەروەها پێویسـتە بەهیچ شێوەیەك بکوژانی ئافرەت سزایان بۆ سووك نەکرێت چونکە قاتڵن و دەبێت حەقی ئەو ئافرەتانەیان لێوەربگیرێتەوە».

**بـە گوێـرەی ئامارەکانـی بەڕێوەبەرایەتی گشـتی بەرەنگاربوونـەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان لە هەردوو مانگی (١و٢) ساڵی (٢٠١٣) کوشتن بەم شێوەیە بووە:**

| شوێن | کوشتن | مانگ | کوشتن | مانگ | کۆی گشتی | هۆکار |
|---|---|---|---|---|---|---|
| هەولێر | ١ | کانونی دووەم | ٦ | شوبات | ٧ | خێزانی |
| سلێمانی | ١ | کانونی دووەم | ١ | شوبات | ٢ | نەزانراوە دەروونی |
| دهۆك | ٢ | کانونی دووەم | ١ | شوبات | ٣ | خێزانی/ دەروونی |
| گەرمیان | | | ١ | شوبات | ١ | کۆمەڵایەتی |

دایکی ئافرەتێکی کوژراو:

**زاواکەم بەناهەق جەرگی سووتاندم و پێنج منداڵیشی بێ دایک کرد**

د.بەشیر خەلیل حەدداد:

**پێویستە بەهیچ شێوەیەک بکوژانی ئافرەت سزایان بۆ سووک نەکرێت**

عزەدین عەبدوڵڵا:

**ئەنجامدەرانی ئەم تاوانە جگە لە سزای توند لە لێبوردنی گشتی و سووککردنی سزاکانشیان بێبەشکراون**